# مليـۆنـان حەسەنات و چاكە لەچەند هەنگاوێكدا

﴿ ملايين الحسنات في خطوات معدودة ﴾

[ كردي – كوردی – kurdish ]


سليمان عبدالكريم المفرج



سەرچاوە: سایتی صيد الفوائد

www.saaid.net

وەرگێرانی: زاگرۆس هەمەوەندی

پێداچونەوەی :پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# ﴿ ملايين الحسنات في خطوات معدودة ﴾

« باللغة الكردية »

سليمان عبدالكريم المفرج

مصدر: موقع صيد الفوائد

www.saaid.net

ترجمة: زاكروس هموندي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣١ - ٢٠١٠

islamhouse.com

# مليــۆنــان حەسـەنات و چاكە لە لەچەند هەنگاوێكدا

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودرود ورەحمەت بۆ سەر گیانی پاكی پێشەوای مرۆڤایەتی محمد المصطفى و ئال وبەیت و یارویاوەرانی هەتا هەتایە .

خۆشەویستان بەبێ ئەوەی هەست بەخۆمان بكەین و پێ بزانین ڕۆژو مانگ و ساڵەكان بەسەرماندا تێ دەپەڕن، كەچی ئێمە لەغەفڵەت و بێ ئاگاییەكی گەورەداین لەنێوان شەونوخونی و خەوتن و سەرقاڵی بە كاروباری دونیا، تاوامان لێهاتوە بەمانگ و بگرە بەساڵیش قەبر و قیامەتمان بەبیر نایەتەوە كە ماڵی كۆتا و پاشەڕۆژی هەموومانی پێوە بەندە، دەبێت ئەوەش باش بزانین كە خوای گەورە لەسەر تەواوی كات و هەنگاوەكانی ژیان لێپرسینەومان لەگەڵدا دەكات وەك پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەیەكی سەحیحدا فەرموویەتی : " لا تـزولُ قَـدَمَا عَبْـدٍ يـومَ القيامـةِ حتى يُسألَ عنْ أربعٍ عنْ عُمُرِهِ فيما أفناهُ وعنْ جسدِهِ فيما أبْلاهُ وعـنْ مالـهِ مِـنْ أيْـنَ أخذهُ وفيما أنْفَقَهُ وعنْ عِلمِهِ ماذا عَمِلَ بهِ " { رواه الترمذي وقال حديث حسن صحيح }

واتە : هیچ بەندەیەك لەڕۆژی دواییدا پێیەكانی هەڵناهێنێت هەتاوەكو پرسیاری چوار شتی لێ دەكرێت : تەمەنی لەچیدا بەسەری برد، لاشە و جەستەی لەچیدا صەرف كرد، ماڵ و سامانی چۆن پەیدای كرد ولەچ شتێكیشدا خەرجی كرد، وە لەعیلم و زانستی كە چی پێكرد ؟ .

نەك هەر ئەوەندە كەسانێكمان هەن كە خوای گەورە زانست وزانیاریشی پێ بەخشیوون و سیمای خێریان تێدا ئەبینیت كەچی كەمتەرخەمی دەكەن لە بەهەل وەرگرتن ولەدەست نەدانی كاتەكانیان، ئەویش بەهۆی ئەوەی تووشی خەمۆكی و بێ ئاگایی بوون یان بەهۆی ئەوەی نرخی كاتەكانیان نازانن كە بەشێوەیەكی بەكەڵك وباش پڕی بكەنەوە، هەر بۆیە دەبینین هەندێك ئیش وكار وحەسەنات هەیە ئەوان بەكەم وبێ نرخی ئەزانن كەچی لەمیزانی پەروەردگاردا گەورە وبەكەڵكن، هەموو لایەكمان بێ ئاگاین لەوەی كە ئەتوانین حەسەنات و چاكەیەكی زۆر زۆر بدورینەوە لەچەند ماوەیەكی كووڕتدا كە بە ئیش وكارێك ناسراون كە بەچەند قات وبەرامبەر لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ناسراوون، بەشێوەیەك مرۆڤی باوەڕدار وموسڵمان ئەتوانێت لەچەند ساتێكی كەمدا بەهەزاران چاكە وحەسەنات بۆخۆی بەدەست بهێنێت،

لێرەشدا ئەو جیاوازیە دەبینین کەسانێك هەن کاتەکانیان بەهەل وەردەگرن وفرسەتەکان لەدەست نادەن و هەمیشە سەرگەرمی پرکردنی توێشووی قیامەتیانن وقازانجیان کرد، بەپێچەوانەشەوە کەسانێکی تر هەن هەر خەریکی گاڵتە وگەپ و کات بەسەر بردنن لەشتانێکی پروپووچ و بێ هوودەوە .

برایانی ئازیزم : لەم ووتارەدا هەندێك کار وکردەوتان بۆ ڕوون دەکەینەوە کە هەر یەکێك لە ئێمە ئەتوانێت زۆر بەئاسانی پێی هەڵبسێت ئەویش بەدەستهێنانی ئەو خێر وحەسەنات و چاکانەیە کە هەموو مرۆڤێکی باوەڕدار بەدەتسیان بهێنیت لە بەجێهێنانی ئادابەکانی ڕۆژی هەینیدا :

زۆر کەس هەیە لەئادابەکانی جومعە ورۆژی هەینی تەنها ئادابی خۆشۆردن دەزانێت، خۆ پی ئەچێت هەندێکیشمان تەنها بەنیەتی پاکوخاوێنی ئەنجامی بدەین بەبێ نیەتی عیبادەت، یان هەر لەبەر ئەوەی هەر لەمنداڵیەوە لەسەری ڕاهاتووین کە ڕۆژانی هەینی خۆمان بشۆین، بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەوەبین کە هەندێك ئاداب و ڕێورەسمی ئەم ڕۆژە پیرۆزە هەیە ئەگەر بەجوانی بەجێیان بهێنین توێشوویەکی باش لەخێر وحەسەنات بۆخۆمان کۆبکەینەوە، خێری دونیا ودواڕۆژی تێدا بەدەست بهێنین، ئادابەکانی هەینی و ڕۆژی جومعە پێنج ئادابن کەپیغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەفەرموودەیەکیدا بەجوانی ڕوونی کردۆتەوە کە فەرموویەتی :" من غسل يوم الجمعة و اغتسل ثم بكر و ابتكر و مشى و لم يركب و دنا من الإمام و استمع و أنصت و لم يلغ كان له بكل خطوة يخطوها من بيته إلى المسجد عمل سنة أجر صيامها و قيامها " { رواه أحمد وصححه الألباني} واتە : هەرکەس ڕۆژی هەینی خۆی بشوات و غوسل لەسەر خۆی واجب بکات ( بەو واتایەی کە لەخێزانی نزیك بوویێتەوە ) و پاشان زوو خۆی ئامادەکرد و زوویش ڕۆشت بۆ مزگەوت بەپیادە وبەپێ ڕۆیشت وسواری ووڵاخ و ئۆتومبیل نەبوو، وە نزیك بوویەوە لە ئیمام و بەجوانی گوێی گرت وقسەی بێهوودەی نەکرد، بەهەموو هەنگاوێك کە ناویەتی بۆ مزگەوت خێر و چاکەی ساڵێك ڕۆژووگرتن و شەونوێژی بۆ دەنوسرێت .

مانای ئەوەیش کە دەفەرموێت کە ڕۆژی هەینی خۆی بشوات : کاتەکەی لەپاش نوێژی بەیانیەوە دەست پی دەکات هەتا ئەو کاتەی کە خیرا دەکات و هەنگاو هەلدەگرێت بۆ نوێژ هەینی، مەبەستیش لەچوون بۆ مزگەوت ئەوەیە کە بە پێ بڕوات و سواری وڵاخ و ئۆتومبیل نەبێت، وە پێش ئەوەی ئیمامی ووتاربێژ بچێتە سەر مینبەرەکەی ودەست بکات بە یەکەم ووتاری تۆ لەوێ ئامادەبیت، وە دانیشتنەکەیشی نزیك بێت لە ئیمامەوە، ئەمەش بەدەست نایەت بەوە نەبێت کە زوو بچیت بۆ مزگەوت، پاش ئەوەیش کە ئیمام دەستی کرد بە ووتارەکەی ئیتر واز لەهەموو شتێك بهێنیت

وبەجوانی گوێ بـە ووتـار و ئامۆژگاریـەکـانی بگریـت و خـۆت خـەریـك نـەکـەیـت بـەهـیچ شتێکی ترەوە .

کەم کـەسـمان هـەیـە ئـەم ئادابانـە وەك خـۆی جـێ بـەجـێ بکـات، کـە بـەهـەمـوو هەنگاوێکی هەڵی دێنێت خێر وچاکە و حەسـەناتی سـاڵێکی نموونـەی بـۆ دەنوسـرێت ئەگەر ڕۆژێك ڕۆژووی سونەتیشـی نەگرتبێت و شـەوێکیش شـەو نوێژی ئەنجام نەدابێت، بەهەنگاوێك خێری ساڵیك لەو شێوەیەی بۆ دەنوسرێت، دەی باشـە ئەگەر لەڕۆیشـتنی بۆ مزگەوت دە (١٠ ) هەنگاوی هەڵهێنابێت، سـەرنـج بـدە بـە کـار وکـردەوەیـەکـی کـەم خوای گەورە خێر و چاکە وحەسـەناتێکی زۆر زۆری بۆ تۆمار کردووین، ئەمەش یەکێکە لە منەت و فەزڵەکانی خـوای گـەورە بـەسـەر بـەنـدەکانیـەوە کـە هـەر دەیـەوێـت بیانخاتـە بەهەشتە ڕازاوە و نەپراوەکەی خۆیەوە بەمەرجێك ئەگەر بەنـدەکـان خۆیـان بیانـەوێـت و هیمـەتـی ئـەم کـارە خێـرە بکـەن، ئـای چ فـەزڵ و گـەورەییـەکـە بـۆ بـەنـدە ڕاسـتگۆ وبەهیمەتەکانی پەروەردگار بەڵام زۆرێکمان لێی غافڵ وبێ ئاگاین و ( لا حول ولا قوة إلا بالله ) ......

برای ئازیز وخۆشـەویستم : بیر بکەرەوە  ئەگەر بەڕێزت ئەمەت لە جومعەیەکـدا جـێ بەجێکرد ونێوان ماڵی ئێوە و مزگەوتـیش ( ١٠٠٠ ) هـەزار هـەنگـاو دەبـوو، بـەیارمـەتـی خوای گەورە تۆ خێری وچاکەی هەزار ساڵی تەواو بەدەست دەهێنیت کە هیچ خراپـە و تاوانێکی تێدا نەکرابێت، ئەمەی ووتمان لە جومعەیەکدا، ئـەی ئـەگـەر مانگێـك ئـەمـەت جێ بـەجێکـرد کـە چـوار جومعـەی تێدایـە ئـەو کاتـە بـەیارمـەتـی خـوای گـەورە خێـری ( ٤٠٠٠ )ساڵ بەدەست خۆت دەخەیت بە شـەو نـوێژ و ڕۆژوویشــەوە،  ئـەگـەر لـەسـەر ئەم کارە خێر وچاکەیە ساڵێك بەردەوام بوویت کە دوانزە مانـگ دەکـات ئـەو کاتـە خیـر و چاکـە وحـەسـەنـاتی ( ٤٨٠٠٠ ) سـاڵ بۆخـۆت ئـەدوریتـەوە، ئـەمـەی ووتمـان خێـرو حەسـەنـاتی تـەنها سـاڵیك بـوو کـە ئـەنجامـدانی هـیچ قورسـیـەك وبارگرانیـەکـی تیـدا بەدیناکرێت، باشـە ئەگەر پەروەردگار تەمەنی درێژی پـێ بـەخشـیت و توانیـت ئـەمـەی ووتمان (٤٠ ) ساڵ جێ بەجێی بکەیت لەتەمـەنتـدا ئـەوکاتـە ( ٤٨٠٠٠ ) زەڕبـی (٤٠ ) بکـە کـە دەکاتـە ( ١.٩٢٠.٠٠٠ ) ملێونێـك و نـۆ صـەد وبیسـت هـەزار سـاڵ بـەخێـر وحەسـەناتی ڕۆژووی و شـەو نوێژیشـەوە .

لەخوای گەورە داواکارین ئەوەی ووتمان (حسـن الظـن) ی ئێمـەی بـەنـدەی گوناهبـار بێت بە پەروەردگاری بەرەحممان نەك ئەو بێت بمانـەوێـت خێـر وچاکـە وحـەسـەناتمـان لەسەر خوای گەورە بژمێررین، چونکە بەئەندازەی ئەوەی کە ئومێـد و ڕەجممـان هـەیـە پەروەردگار چاکەکانمان لێوەربگرێت ئەبێت هێندەش لەوە بترسـین کە کـارەکانمـان بـێ ئیخلاص بن و خوای گەورە هیچی لێوەرنەگرتبین، چونکە بیروباوەڕی ئەهلی سوننەت و

جەماعەت ئەوەیە دەبێت هەمیشە لەنێوان ( خوف و رجاء ) بین، بەڵام ئێمەی گوناهبار دڵمان بەوە خۆشە کە خوای گەورە لەفەرموودەیەکی قودسیدا فەرموویەتی : " أنا عند ظن عبدي بي إن ظن خيرًا فله وإن ظن شرًا فله .. " { رواه مسلم } واتە : من لەگەڵ گومانی بەندەکەی خۆمدام، ئەگەر گومانی چاکی برد ئەو چاکی بۆ دەبێتو خۆ ئەگەر گومانی خراپیشی برد ئەو خراپی بۆ دەبێت .

بۆیە ئێمەش گومانی خێر و باشمان بەپەروەردگاری بەبەزەیی خۆمان هەیەو داواکارین لە مەقامی بەرزی وبڵندی کە بمانخاتە ڕیزی ئەو کەسانەی کە هەموو ئەو خێر وحەساناتانەیان بۆ دەنوسێت و پاشانیش بە رەحمی خۆی ئەیکاتە هۆکاری ڕازی کردنی خۆی و چوونە بەهەشتی هەتا هەتاییەوە ( ئامیـــن یارب العاملین ) .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه وسلم .

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

تێبینی: ئەم بابەتە وەرگێڕاوە بە هەندێ دەستکاریەوە.